# ناپاكی لە نیشتمان

**حەمەسەعید حەسەن**

پازدە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا، لەسەر ئەوەی ئایا نازم حیکمەت لایەنی خەباتی ڕەوای کوردی گرتووە یان نا، شەڕێکی ئەدەبی لە نێوان هێژایان کاکە حەمەی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا ڕووی دا. لەو شەڕە خاوێنەدا کاکە حەمە وەک لێی چاوەڕێ دەکرا سەنگەری نازم حیکمەتی هەڵبژارد و د. کەمالیش بە توندی ڕەخنەی لەو شاعیرە مەزنە گرت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ لە شام ڕۆمانێکی تازە بە عەرەبی چاپکراوی نازم حیکمەتم کە ناوی (ژیان خۆشە، هاوڕێم) بوو، کڕی. کە هاتمە سوێد و خوێندمەوە، بینیم نازم حیکمەت لەو ڕۆمانەیدا بە ئاشکرا لایەنی خەباتی ڕەوای گەلی کوردی گرتووە و وای بۆ چووە، کورد بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی نابێت، پشت بە ئاغا و دەرەبەگ ببەستێت.

چونکە نازم حیکمەتم خۆش دەویست و پێشم خۆش بوو لەو شەڕە جوانەی نێوان محەمەدی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا، یەکەمیان بیباتەوە، ڕۆمانەکەم بەو ئومێدەی ببێتە چەکێکی دیکە بە دەستییەوە، بۆ کاکە حەمە ڕەوانە کرد، ئاخر د. کەمال بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە نازم حیکمەت هەرگیز باسی کوردی نەکردووە.

من محەمەد ماغووتیشم خۆش دەوێت و زۆر بە شێوازی نووسینی، بە تایبەتی کە گەمە بە وشە دەکات، سەرسامم، لێ جێی داخە لەم دواییەدا کە دوا کتێبیم: (ناپاکی لە نیشتمانەکەم دەکەم،) دەخوێندەوە، نائومێدی کردم.

محەمەد ماغووت دەنووسێت: ( شۆڕشی ئێران پێش ئەوەی ئارامی بۆ ئێران دابین بکات، دەیەوێت بۆ باشووری لوبنانی دابین بکات، پێش ئەوەی دەستی بە سەر کوردستاندا گرتبێت، دەیەوێت قودس ئازاد بکات.)(*)

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست کوردەوە دەبێت، ئەوە ماغووت زۆر سەغڵەت دەکات و بە ئەرکی سەرەکی ئێرانی دەزانێت، چی زووە دەستی بە سەردا بگرێتەوە. ماغووت زۆر نیگەران دەبێت بەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند مانگێک لە ئێران یاخی دەبێت، بە مەرجێک ئێران یەکێک نییە لە وڵاتە عەرەبییەکان. پێ دەچێت ئەگەر کوردی باشووری بچووک لە بەعسی سوریا یاخی ببن، ماغووت ناپاکی لە نیشتمانەکەی نەکات، قەڵەم دابنێت و لە دژی کورد دەست بداتە چەکی شەرەف.

2003. 01. 29

(*) محمد الماغوط، سأخون وطني، ص ٣٩٣ دار المدى ٢٠٠١ دمشق.